لێکۆڵینەوە

# قۆناغی چوارەم لە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ عێراقی دوای سەدام

زریان رۆژهەلاتی

سەردانی ئەحمەد داودئوغڵو وەک سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ بەغدا و هەولێر نیشانەی گۆڕانکارییەکی لە سیاسەتی ئەنقەرە و رووداوەکانی ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەڕاست پێوە دیارە ، کە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئەحمەد داودئوغڵو لە رۆژانی ٢٠-٢١ مانگی ١١ی ٢٠١٤دا سەردانی بەغدا و هەولێری کرد. لە ماوەی نزیکەی ٤ساڵی رابردوودا کە ململانێی حکومەتی ئەنقەرە و بەغدا گەیشتبووە لوتکە، ئەمە یەکەم سەردانی سەرۆک وەزیرێکی تورکیا بۆ عێراق بوو. سەردانەکەی داودئۆغڵو هاوشێوەی سەردانەکەی ساڵی ٢٠١١ی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری ئەو کاتەی تورکیا، بەرنامەی بەغدا و هەولێری پێکەوە تێدا دانرابوو. ئەمەش لە کاتێکدا کە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا چارەسەر نەکراون ، واتایەکی زیاتر پەیدا دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی سەردانەکەی سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ عێراق چەند پاڵنەری سەرەکی هەیە کە دەکرێ وەک دێڕەکانی داهاتوو باسی بکرێت.

**١-گواستنەوەی وزە**

سەرەڕای ناڕەزاییەکانی بەغدا و تا رادەیەکیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا لە ڕێی خاکی خۆیەوە رێگای بە فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان داوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کڕیاری نەوتی هەرێم پەیدا بووە. لەگەڵ هاتنی داعش و کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە رێڕەوی گواستنەوەی نەوتی کەرکوک-جەیهان لەلایەن ئەو رێکخراوەوە، مەسەلەی ناڕەزایی بەرامبەر بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم لە ڕێی تورکیاوە تەقریبەن کپ بوو و بەدەر لەوەش بەغدا نیازمەندی هەرێمی کوردستانی کرد تا نەوتی کەرکوک رەوانەی دەرەوە بکات. سەرەڕای ئەو رێککەوتننانەی دوایی بەغدا-هەولێر سەبارەت بە مەسەلەی نەوت، هێشتا زەحمەتە باس لە یەکلایی بوونەوەی ئەو کێشانە بکرێت، بەڵام ئەوەش روون و ئاشکرایە کە زەحمەتە سیاسەتی بەغدا بەرامبەر بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم هاوشێوەی قۆناغی بەر لە هاتنی داعش بێت و بارودۆخی ئەمنی ئێستای وڵات واقعێکی تازەی خولقاندووە. لەبەرامبەر ئەوەشدا سیاسەتی نەوتی هەولێریش هێشتا بە تەواوی ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە و بە هۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە لەبەر بڕینی بودجە رووی لە هەرێم کردووە مەیلی رێککەوتن لەگەڵ بەغدا لە هەولێریش زیادی کردووە.

رێککەوتنی هەولێر-بەغدا سەبارەت بە مەسەلەی وزە بە شێوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە لە مەسەلەی

وزەدا هەیە. لە کاتێکدا حکومەتی نوری مالکی لەسەر کار نەماوە و واقعــی داعــش، مەســـەلەی نــەوتی کــەرکوک-جــەیهان و پێگــەی سوننەکان لـە عێراق، پێویسـتی حکومەتەکـەی عـەبادی بـە ئەنقـەرە زیاتر کردووە، رێککەوتنی بەغدا-هەولێر سەبارەت بە وزە لە لایـەک واتـای زیـادبوونی ئـەو بڕە نەوتـە هـەناردەکراوە دەدات کە لـە رێـی کوردستانەوە دەچێتە تورکیا کـە ئەمـەش بەرژەوەندی ئـابوری ئـەو وڵاتـەی تێدایـە و لەلایـەکی دیکـەش ئـەو گوشـارانە کەمدەکاتـەوە کـە سـەبارەت بـە رێککـەوتنی وزە لەگـەڵ هـەرێمی کوردسـتان، لەلایـەن ئەمریکا و عێراقەوە دەخرانە سەر ئەو وڵاتە.

خـۆی لــە خۆیـدا لــە کـۆنگرەی رۆنامــەوانی هاوبەشـیدا لەگـەڵ داودئوغلـو، حەیـدەر عـەبادی رایگەیانـد، کـە ئـەوان لەگـەڵ تورکیـا سەبارەت بە ناردنی نەوت رێککەوتوون[١] .

بەدەر لەوانەش مومکینە دەرفەتی سەرمایەگوزاری دیکەی تورکیا لە بواری وزە لـە عێراق برەخسێت. بڕیارە لـە مـانگی دیسـەمبەری ئەمسـاڵدا حەیـدەر عـەبادی سـەردانی ئەنقـەرە بکـات و هـەردوولا کۆبوونـەوەی هاوبەشـی ئەنجومـەنی وەزیـران سـازبکەن، ئەمـەش بیرهێنەرەوەی کۆبوونەوەی هاوبەشی دەستەی هاوکاری ستراتیژی بـاڵای نێـوان هـەردوو وڵات بـوو کـە سـاڵی ٢٠٠٩بـە سـەرۆکایەتی ئەردۆغان –مالکی سازکرا. لە بەرواری ١٠ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٩دا لە کاتی سەردانی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا بـۆ عێـراق، بەڵگەنامــەی دامەزرانــدنی دەســتەی بـاڵای هاوکـاری سـتراتیژی لــە نێـوان هــەردولا مـۆرکرا[٢]. بـەو پێیـە هــەردولا لــە بوارەکـانی سیاسـی، ئـابوری، سـەرچاوە ئابورییـەکان، کـەلتور و ئاسایش و سەربازی پەیوەندییەکانی خۆیان بۆ مـاوەی درێژخایـەن گەشـە پێدەدا. ئـەو دەسـتەیە لـە لایـەن سـەرۆک وەزیرانـی هـەردو

وڵاتــەوە ســـەرۆکایەتی دەکــرا و لـــە وەزیرەکـــانی دەرەوە، وزە، بازرگـانی، کشـتوکاڵ ، گەیانـدن، و ئـەو وەزیرانـە پێکـدەهات کـە بەرپرس بوون لە کاروباری سەرمایەگوزاری، ئاسایش و ئاو. زیاتر لـە ٤٠ رێککـەوتن لـە بـوارە جۆراوجۆرەکـانی وەک وزە وکاروبـاری ئەمنی و... لە نێوان هەردولا مۆرکرا. ئەمـەش دوای ئـەوە هـات کـە لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی٢٠٠٧دا جـەلال تاڵـەبانی سـەرکۆماری عێـراق سەردانی ئەنقەرەی کرد و سەردانی سەرۆکی بە رەچەڵـەک کوردی عێراق بـۆ وڵاتەکـەی شـکاندنی تابلۆیـەکی گـەورە بـوو بـۆ حکومـەتی ئەنقـەرە. لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٨ەوە جـارێکی دیکـە هێڵـی بـۆری نەوتی کەرکوک_ یومورتاڵک کەوتەوە کـار و هـەر لـە هـەمان سـاڵدا وەزارەتــی نــەوتی عێــراق بــە نوســراوێکی رەســمی رایگەیانــد کــە لەمـەودوا کۆمپانیـای نـەوتی تورکیـاTPAO دەتوانێـت بەشـداربێت لـە پرۆســـەی گـــەڕان و دەرهێنـــانی نەوتـــدا لــــە عێــراق. بـــەڵام لەگـــەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا-عێراق، حکومـەتی بەغدا لـە سـاڵی ٢٠١٣دا کۆنسێرســـێۆمێکی پێکهـــاتوو لـــــە کۆمپانیـــــای نـــــەوتی تورکیـــاTPAO، KuveytEnergyKو دارگـــۆن پـــەترۆڵی ئیمـــاراتی یـەکگرتووی عـەرەبی لـە رێککەوتننامەیـەکی تایبـەت بـە گـەڕان و دۆزینەوەی نەوت لە باشووری عێراق دەرخستبوو[٣] .

ئەگەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عێراق روو لە باشـی بکـەن و هـەولێر و بەغـدا رێککـەوتنێک سـەبارەت بـە کێشـەی وزە ئیمـزا بکەن، لانیکـەم لـەم قۆناغـەی ئێسـتادا کـە حکومـەتی ناوەنـدی عێـراق کێشـەیەکی حـەیاتیی وەک داعشـی هەیـە رێککەوتنەکـە لـە قـازانجی تورکیا دەبێت .

**٢-داعش و مەسەلەی کورد**

٢-١ حکومـەتی تورکیـا لـە چەنـد روانگەیەکـەوە ناچـارە ئەگـەر بەشێوەی سنورداریش بێت سەبارەت بە مەسـەلەی داعش هاوکاری عێـراق-هـەرێمی کوردسـتان بکـات. حکومـەتی ئەنقـەرە بەشـێوەی رەسـمی هـەرجۆرە پەیوەنـدی و هاوکارییـەکی خـۆی لەگـەڵ داعـش رەتدەکاتــەوە، بــەڵام ئەمــە نەبووەتــە هــۆی رەوەندانــەوەی ئــەو رەخنانەی کە سەبارەت بە هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە داعش لـە سەرانی ئەو وڵاتە دەگیرێت. پێدەچێت ئەنقـەرە بێ مـەیل نـەبێت کـە ئەو روخسارە پاک بکاتەوە و دیمەنێکی وا پیشانبدات کە لـە شـەڕی دژی داعش بەشداری دەکات. هەرچەندە پێناچێت بە ئاسانی تورکیا خۆی لە شەڕی راستەوخۆ دژ بە داعش بگلێنێت، بەڵام لەوانەیـە لـە رووی ئەمنی و زانیاری هەواڵگری و...تاد هاوکاری عێراق بکات.

تورکیـا نیگەرانـە لـەوەی کـە نـەکا حکومـەتی بەغـدا پـەنا بـۆ یارمەتیدانی پ.ک.ک وەک کارتێکی گوشـار دژ بەحکومـەتی ئەنقـەرە ببات، خۆی ناچار دەبینێت تا ئەگەر بەشـێوەیەکی سـنورداریش بێت دۆسـیەی داعـش لەگـەڵ حکومــەتی بەغـدا و هــەرێمی کوردسـتان بکاتەوە.

ئەحمــەد داودئوغڵــو ســەرۆک وەزیــری تورکیــا لــە کــۆنگرەی رۆژنامـەوانی دوای دانوسـتان لەگـەڵ عـەبادی رایگەیانـد کـە"ئـەوەی هەڕەشـەیە لەسـەر عێراق بۆ ئێمەش هەڕەشـەیە" و دواتـریش ئـەوەی پێ زیاد کرد کە ئەو داعش و پ.ک.ک بە یەک ئەندازە بە مەترسـی دەزانێت. ئەمەش ئەو پەیامەی بۆ سەرانی بەغدا تێدا بـوو کـە چۆن ئێوە چاوەڕوانی دەکەن تورکیا داعش بە هەڕەشـە بزانێت، پێویسـتە عێــراقیش بەهەمانشــێوە پ.ک.ک بــە مەترســیی بزانێــت. دیــارە

ناوەڕۆکی دانوستانەکان ئاشکرا نین، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەمانە زەحمەت نییە پێشبینی بکەیت کە دۆسییەی پ.ک.ک و داعش لە سەر مێزی دانوستانەکان بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە پ.ک.ک و رێکخراوەکانی نزیک لەو، ئێستا لە ناوچەکەدا لە جەنگێکی بێ ئامانی دژ بە داعش دان و ئەو هێزەی کە تورکیا بە "تیرۆریست ناوی دەبات لە رای گشتی جیهاندا خەریکە وەک هێزێکی"دژە تیرۆر" دەردەکەوێت. لەبەرامبەر ئەوەدا ئەکتیڤ نەبوونی ئەنقەرە لە بەشداریکردنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ، رەخنەی توندی رووبەڕووی سەرانی ئەو وڵاتە کردۆتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لە جەنگی دژ بە داعش دا، بەدەر لە پ.ک.ک نەیارێکی دیکەی تورکیا زیاتر دەرکەوتە پێش کە ئەویش ئێرانە. ئەمەش بە ئەندازەیەک بوو کە تەنانەت لە ئەمریکا و خۆرئاوا بە راشکاوی باس لە رۆڵی ئێران لە جەنگی دژ بە داعش کرا. تورکیا لەبەرامبەر زیاتر بوونی بەختی رکابەرە ناوچەییەکەی خۆی بە هۆی جەنگی دژ بە داعش، کەمتر دەرکەوتووەتە پێش و پێدەچێت خوازیاری ئەوە بێت کە مەسافەی نێوان خۆی لەگەڵ پ.ک.ک و ئێران سەبارەت بە جەنگی دژی داعش کەمتر بکاتەوە. بەو پێیەی کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا کەمتر لەگەڵ خواستەکانی تورکیا سەبارەت بە سوریا دەجوڵێنەوە، پێدەچێت لە جیاتی سوریا، عێراق باشترین مەیدانێک بێت بۆ ئەوەی تورکیا لەوێ بەشێوەی سنورداریش بێت دژ بە داعش بجوڵێتەوە.

## ٢-٢چەکدارکردنی پێشمەرگە

هەرچەندە حکومەتی تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەولێر بەقەرارکردووە، بەڵام هەڵوێستەکانی ئەنقەرە

سـەبارەت بـە پرچـەککردنی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە هەڵوێسـتی حکومـەتی ناوەنـدی عێـراق نزیکـە و ئەمـەش وەک فاکتەرێک دەوری لە نزیککردنەوەی ئەنقەرە و بەغدا هەیە.

لە سەروبەندی مشتومڕەکانی تایبەت بە پێدانی چەکی قورس بە هـەرێمی کوردسـتان بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی داعـش، سـەرەڕای ناڕەزاییـەکانی بەغـدا، حکومـەتی تورکیـاش سـەبارەت بـەو بابەتـە بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ نـاڕەزایی پیشـاندا. مـەولود چـاوش ئوغڵـو وەزیـــری دەرەوەی تورکیـــا لـــە کۆنگرەیـــەکی رۆژنامەوانیـــدا رایگەیانـدبوو کـە:"پێویسـتە ئـەو چەکانـەی رەوانـەی عێراق دەکرێن نەکەوێتـــە دەســـتی پ.ک.ک و ئێمـــە هەســـتناکییەکانی خۆمـــان لەوبارەیەوە هێناوەتەوە سەرزمان.[٤]

لە راستیدا هەستناکی تورکیا تەنها پ.ک.ک نییە و پرچەک بوونی هێزەکـانی پێشـمەرگەی کوردسـتان دەتوانێـت لـە روانگـەی کـەمتر کردنەوەی وابەستییە ئیحتمالییەکانی هـەرێم بە تورکیا لە بەرامبەر مەترسـییە سـەربازییەکانی بەغـدا وەک ئەوانـەی لـە چەنـد سـاڵی رابـــردوودا بـــە تایبـــەت دوای دروســـتبوونی فەرمانـــدەیی ئۆپەراسـیۆنەکانی دیجلـە روویـان دا و هـەروەها لـە روانگـەی بەهێزتربوونی پێگەی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە هـەنگاوێکی دیکە لە سەربەخۆیی نزیک بێتەوە، مەترسی بۆ تورکیا هەیە.

پەیوەندییـەکانی نێوان حکومـەتی تورکیـا و هـەرێمی کوردسـتان، پەیوەندییەکی ناچارییە کە لە پێویستییەکی دو لایەنـەوە سـەرچاوەی گرتوە. هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەورازەیەکە بۆ گەیشتن بە عێـراق لـە رووی سیاسـی و ئابوریيـەوە. تورکیـاش بـۆ هـەرێمی کوردسـتان دەرگایەکـە بـۆ پەیوەنـدی دەرەوەو فاکتەرێکیشـە بـۆ راگرتنی هاوسەنگی هێز لە ناوخۆی عێراق .

تورکیا لە ساڵی ١٩٩١بە دواوە جۆرێک پەیوەندی ئابوری- ئەمنی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەبو، کە دەسکەوتی ئابوری، مەسەلەی دژایەتی کردنی پەکەکە و رێگرتن لە جیابوونەوەی کورد شادەمارەکانی بوون. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی تورکیا زۆر نیگەران بوو لەوەی کە ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەچێت، بەڵام رێبازی نوێی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە بە شێوەیەکی"خوێنساردانە"° لەگەڵ رووداوەکانی هەرێمی کوردستاندا بجولێنەوە. ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە لە قۆناخی یەکەمی حکومەتەکەی پارتی دادوگەشە پێداندا سەرەڕای ئەوەی ناکۆکی لەنێوان ئەنقەرە و هەولێردا هەبوە سەبارەت بە کەرکوک و پ.ک.ک، کێشەکە زیاتر لەئاستی راگەیاندن و قسەی زارەکیدا بمێنێتەوەو و کێشەیەکی جیدی سیاسی و سەربازی لێنەکەوێتەوە.

لە قۆناخی دوەمی حکومەتەکەیدا پارتی دادوگەشە پێدان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە واقعی کوردستان قبوڵ بکات و بەو پێیەش تەعامولی لەگەڵدا بکات. تورکیا توانی لە رێگای پەیوەندی ئابوری فراوانەوە پەیوەندی بەهێزی سیاسی و ئەمنی خۆیشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستێ و بەمەش ناڕاستەخو خەونێکی نیۆعوسمانییەکان بێتە دی کە پەیداکردنەوەی نفوز و هەژمونی بوو لەو شوێنانەی کە پێشتر لە ژێر دەسەلآتی عوسمانیدا بوون. ئەحمەد داود ئوغڵو لەکاتی یەکەم سەردانیدا بۆ هەولێر وتبوی:"باوباپیرانمان لێرە بوون، ئێمەش دەگەڕێینەوە."دەکرێ ئەمەش بەوە تەرجەمە بکەینەوە کە تورکیا بەنیازە هەژمونی ونفوزی خۆی لەهەرێمی کوردستان و عێراقیشدا زیاتر بکات.

سەردانەکەی دوادوئوغلۆ بۆ هەولێر دوای سەردانەکەی ناوبراو بۆ بەغدا، دەکرێت ئەو پەیامەی تێدا بێت کە تورکیا دەیەوێت بڵێت هاوشێوەی قۆناغی دووەمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقی دوای سەدام، ئەمجارەیان نایەوێت هەرێمی کوردستان پەراوێز بخات و خوازیاری راگرتنی هاوسەنگییە لە نێوان هەولێر و بەغدا، بەلام بەشێوەیەکی گشتی تورکیا لەگەڵ ئەوەی کە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا نایەوێت ئەم هەرێمە بە ئەندازەیەک بەهێزبێت کە لە کۆنترۆڵی خۆی دەربچێت. پرچەک بوونی هێزی پێشمەگەری کوردستان، دەتوانێت سەنگ و قورسایی حکومەتی کوردستان زیاتر بکات و کاریگەری لەسەر ئەو هەژموونییە سیاسی – ئابورییە دابنێت کە تورکیا لە هەولێر دروستی کردووە. ئەم دیدگایەش دەتوانێت وەک فاکتەرێکی گرنگ دەوری لە بەهێزبوونەوەی پەیوەندییەکانی بەغدا- ئەنقەرە دا هەبێت.

### ٢-٣ پێداچوونەوە بە سیاسەتی رابردوو و بەکارهێنانی دەرفەتی لاچوونی مالکی

هاتنە سەرکاری حەیدەر عەبادی دەرەفەتێکی بۆ تورکیا رەخساند تا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق نوێ بکاتەوە. سەردەمی نوری مالکی هەرچەندە بە پەیوەندییەکی خێرای نێوان هەردوولا دەستییپێکرد، بەلام مانگی هەنگوینی تورکیا و عێراق زۆری نەخایاند و مالکی و ئەردوغان لە سەرکردەی دوو وڵاتی دۆستەوە بوونە رکابەری یەکتری.

ئەگەر لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێنەوە تا ئێستا دابەشکارییەک لە پەیوەندییەکانی تورکیا- عێراق دا بکرێت

دەتوانرێت بەسەر چوار قۆناغی(٢٠٠٣-٢٠٠٧)-(٢٠٠٧-٢٠١٠)-(٢٠١٠-٢٠١٤) و (٢٠١٤)دا دابەش بکرێت.

لە قۆناغی(٢٠٠٣-٢٠٠٧)دا، هاوکاری نەکردنی تورکیا بۆ رووخاندنی رژێمی سەدام حسێن و دژایەتی کورد و شیعەکان بوونە هۆی ئەوەی کە چەند ساڵێک لە دوای رووخانی سەدام، ئەنقەرە رۆڵێکی ئەوتۆی نەبێت لە سیاسەتی ناوخۆی عێراقدا. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و پەیوەندی ئابوری تورکیا لەگەڵ عێراقی دوای سەدام لە ناوەرۆکێکی ئابورییەوە بە ناوەرۆکێکی سیاسی و ئەمنی گۆڕا.

تورکیا ساڵی ٢٠٠٧ بیانوەکانی خۆی سەبارەت بە مانەوەی پەکەکە لەهەرێمی کوردستان بە دەنگی بەرز هێنایە سەرزمان و ئەمەش دەروازەیەکی باش بوو بۆ ئەوەی پەیوەندی ئەمنی و سیاسی خۆی لەگەڵ عێراق گەشە پێبدات. پەرلەمانی تورکیا لەو ساڵەدا مۆڵەتی لەشکرکێشی دایە حکومەتی وڵاتەکەی لە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە و دوابەدوای ئەوەش سەرۆک وەزیری تورکیا لەگەڵ جۆرج بوش سەرۆکی ئەمریکا کۆبوونەوەی کرد و رایگەیاند کە پلانێکی فراوانیان لەبەردەستدایە بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە کە ئەویش لە ناوەڕۆکدا بریتی بوو لە هاوکاری کردنی عێراق –هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و تورکیا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان.

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا دوەمین کۆبوونەوەی فراوانی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە بەرواری ٢٠٠٧/١١/٣لە شاری ئەستەنبوڵی تورکیا بەڕێوەچوو. ئەمەش ئاماژەیەک بوو بەوەی کە ئەنقەرە خوازیاری ئەوەیە رۆڵی لە عێراقی تازەدا هەبێت، بەڵام

گرنگترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەمەدا کورد، نەوت و مەسەلەی تورکمان بوون.

لە کۆتاییەکانی ئەو ساڵەدا جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق سەردانی ئەنقەرەی کرد و سەردانی سەرۆکی بە رەچەڵەک کوردی عێراق بۆ وڵاتەکەی شکاندنی تابلۆیەکی گەورە بوو بۆ حکومەتی ئەنقەرە. جێگەی سەرنجە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ەوە جارێکی دیکە هێڵی بۆری نەوتی کەرکوک یومورتاڵک کەوتەوە کار. هەر لە هەمان ساڵدا وەزارەتی نەوتی عێراق بە نوسراوێکی رەسمی رایگەیاند کە لەمەودوا کۆمپانیای نەوتی تورکیاTPAO دەتوانێت بەشداربێت لە پرۆسەی گەڕان و دەرهێنانی نەوتدا لە عێراق. لە بەرواری ٣/شوباتی ساڵی ٢٠٠٨یشدا جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق چوە کەرکوک و رایگەیاند کە پێویستە دەسەڵاتی ئیداری کەرکوک ٣٢%بە ٣٢% بە ٣٢% لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب دابەش بکرێت و ٤%یش بۆ مەسیحییەکان بێت. دواتر ئەندامە تورکمانەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کە لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە کۆبونەوەکانی ئەو ئەنجومەنەیان بایکۆت کردبوو، لە٢٠٠٨/٥/٢٠کۆتاییان بە بایکۆتەکەیان هێنا. بەمجۆرەش دوو داواکاری گرنگی سیاسی وئابوری (نەوت-تورکمان لە کەرکوک) تورکیا لە مەیدانی سیاسی عێراق، تەقریبەن جێبەجێ کرا و لەوە بەدوا پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا گەشەی کرد. هەرچەندە تورکیا سەرەتا نەیدەویست بەشێوەیەکی تایبەت ئیعتراف بە واقعی کورد لە عێراق بکات ، بەڵام تەقریبەن پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنقەرەش لەو کاتەوە بونیاتنرا.

لە بەرواری ١٠ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٩دا لە کاتی سەردانی رەجەب تایب ئەردۆغان سەرۆک وەزیری تورکیا بۆ عێراق،

بەڵگەنامەی دامەزراندنی دەستەی باڵای هاوکاری ستراتیژی لە نێوان هەردولا مۆرکرا. بەو پێیە هەردولا لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، سەرچاوە ئابورییەکان، کەلتور و ئاسایش و سەربازی پەیوەندییەکانی خۆیان بۆ ماوەی درێژخایەن گەشە پێدەدا. ئەو دەستەیە لە لایەن سەرۆک وەزیرانی هەردو وڵاتەوە سەرۆکایەتی دەکرا و لە وەزیرەکانی دەرەوە، وزە، بازرگانی، کشتوکاڵ ، گەیاندن، و ئەو وەزیرانە پێکدەهات کە بەرپرس بوون لە کاروباری سەرمایەگوزاری، ئاسایش و ئاو. ساڵی ٢٠٠٩ش زیاتر لە ٤٠ رێککەوتن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک وزە وکاروباری ئەمنی و... لە نێوان هەردولا مۆرکرا. ساڵی ٢٠١٠ قونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە موسڵ و بەسرە و هەولێر کرایەوە[٦].

سەرانی ئەنقەرە دەیانویست هاوتەریب لەگەڵ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد، لەگەڵ شیعە و سوننەکانیشدا پەیوەندییەکانی خۆیان گەشەپێبدەن. بۆیە لەگەڵ سەرکردە کوردەکان و تاریق هاشمی و ئەیاد عەلاوی و ئوسامە نوجەیفیدا، پێی سەرکردە شیعەکانی وەک جەعفەری و عادل عەبدولمەهدی وموقتەدا سەدر و تەنانەت خودی مالکی بە ئەنقەرە کرایەوە. بەڵام ئەم مانگە هەنگوینەی ئەنقەرە-بەغدا زۆری نەخایاند و لە قۆناغی سێیەمی پەیوەندییەکانی ئەو دوو لایەنە، لە ساڵی ٢٠١٠بە دواوە پەیوەندییەکانی هەر دوولا رووی لە ئاڵۆزی و ناکۆکی کرد.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە کاتی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا پشتیوانی لە لیستی ئەلعێراقییە کردووە و رایگەیاندووە:"هەڵبژاردنی ٧ی ئاداری ساڵی ٢٠١٠کە تێیدا هەمو لایەنە عێراقییەکان بەشدارییان کردووە، بوەتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆدیموکراتیزەبوون و سەقامگیری سیاسی عێراق. ئەم هەڵبژاردنە و

بڕیـاری کشـانەوەی هێـزەکـانی ئـەمریکا دوو قۆنـاخی گـرنگن بـۆ گەڕانــەوەی ســەروەری نەتــەوەیی بــۆ عێــراق.[7] لــە راســتیدا ئــەم راگەیاندنـەی وەزارەتـی دەرەوەی تورکیـا ئاماژەیـەکی ناڕاسـتەوخۆ بوو بۆ دروستبونی هێزێکی نزیک لـەوان و زیادبوونی نفوزیان لـە عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئـەمریکا. لـە دواپین هـەڵبژاردنی پەرلــەمانی عێراقـدا تورکیـا پشـتیوانی لـە لیسـتی عێراقییـە کـرد و تەنانەت تورکمانەکانیشی هاندا لـە جیاتی ئـەوەی لەگـەڵ کوردەکان رێککــەون روو لەعەرەبــە ســوننەکان بکــەن. بەمــەش یارمــەتی دروستبونی هێزێکی دەدا لە بەرامبەر نوری مالکی سـەرۆک وەزیر لە لایەک و کوردەکان لە لایەکی تر.

پەیوەندی تورکیا لەگەڵ تورکمانەکان کاریگەرییەکی زۆری نـەبوە لەســەر سیاســەتی نـاوخۆی عێـراق، بـەڵام پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ سوننەکان کاریگەری هەبوەو ئەمەش نیگەرانی نوری مالکی سەرۆک وەزیـری عێراقـی لێکەوتۆتـەوە و بـەوەش پەیوەنـدی شـیعەکان و تورکیا تووشی گرژی بووە.

لـە رۆژانـی کۆتـایی سـاڵی ٢٠١١دا کـاتێ سـەربازانی ئـەمریکایی باروبنەی خۆیان کۆدەکردەوە تا عێراق جێبێڵن، مـالکی لـە واشـنتن رایگەیانـد کـە تورکیـا لـە رێـی یارمـەتیدانی هەنـدێک کەسـایەتی و قەوارەی سیاسییەوە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدات. مــالکی هــەنگاوێکیتر چــوە پێشــەوەو بــە رۆژنامــەی وال ســتریت ژوورناڵی راگەیاند کە"دەستوەردانی تورکیـا لـە کاروبـاری نـاوخۆیی عێـراق لـە دەسـتوەردانی ئێـران مەترسـیدارترە. لەگـەڵ کشـانەوەی ئەمریکا، بیانوی ئێران بۆ دەستوەردان لـەکاروباری نـاوخۆی عێراق نـامێنێ، بـەڵام تورکیـا دەسـتوەردانەکانی زیـاتر کـردووە..."لـە کـاتی قەیرانەکـەی هاشـمیدا قسـەکانی رەجـەب تـەیب ئـەردۆغان سـەرۆک

وەزیری تورکیا لەگەڵ باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا سەبارەت بە عێراق و نیگەرانییەکانی ناوبراو لە ئەگەری دروستبونی جەنگێکی تایفی لەو وڵاتە، سەرۆک وەزیری عێراقی بێزار کرد. دوابەدوای ئەوەش وەزارەتی دەرەوەی عێراق، یونس دەمیرەر باڵیۆزی تورکیای لە بەغدا بانگهێشت کرد تا نامەیەکی نارەزایی بداتێ لەسەر قسەکانی ئەردۆغان. گرژی لە پەیوەندییەکانی عێراق یان بە واتایەکی دروستتر لە نێوان نوری مالکی و تورکیا، گەیشتە ئەو ئاستەی کە وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش نامەی نارەزایی بداتە باڵیۆزی عێراق لە ئەنقەرە[٨]. ئەحمەد داودئوغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کاردانەوەیەکدا لەبەرامبەر وتەکانی نوری مالکی سەرۆک وەزیری عێراق رایگەیاندووە کە ئەوان ناتوانن لە بەرامبەر ئەو شتە خراپانەدا بێدەنگ بن کە لە عێراق روودەدەن. ئەم قسانەش نیشانەی ئاشکرای قۆناغێکی پڕ لە ئاڵۆزی و ناکۆکی پەیوەندییەکانی تورکیا-عێراق بوون کە تا ساڵی ٢٠١٤ و وازهێنانی مالکی لە خۆ کاندیدکردنەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران درێژەی کێشا.

هێشتا ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و تورکیا نەڕەویونەتەوە، بەڵام هاتنی عەبادی و لاچوونی مالکی دەرفەتێکی دیکەی بۆ تورکیا-عێراق رەخساند تا پەیوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە. عێراق خوازیارە بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا لە لایەک لە مەسەلەی گواستنەوەی وزە و داعش و لەلایەکی دیکەش بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود وەربگرێت و ئەمەش لە روانگەی جیاوازەوە سوودی بۆ تورکیا هەیە. دەکرێت ئەمەش وەک قۆناغی چوارەم لە پەیوەندییەکانی تروکیا لەگەڵ عێراقی دوای سەدام لێک بدرێتەوە.

## سەرچاوەکان:


[1]-http://radionawa.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=25361&Jor=2

2- http://www.mfa.gov.tr/sub.tr.mfa?bcd81ae7-127a-4ffc-92fb-6c402d148686Türkiye - IrakSiyasiİlişkileri

[3]-BASBAKN IRAK ZIYARETI, Bilgayduman,- www.orsam.org.tr

[4]-http://www.haberinadresi.com/o-silahlar-pkknin-eline-gecerse-h45510.html

[5]-Davutoğlu,Ahmet,Stratejik Derinlik,Türkiyenin Uluslararası Konumu,s437, şubat2011, 61Baskı,Kurtiş Matbaacılık.

6- http://www.mfa.gov.tr/sub.tr.mfa?bcd81ae7-127a-4ffc-92fb-6c402d148686Türkiye - IrakSiyasiİlişkileri

[٧]–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[8]-http://www.haberaj.com/dunya/5162/bagdat-elciligine-roketli-saldiri